بەشی (2):

# خەمی تیرۆریست بوون

(ناساندنی رۆمانی تیرۆریست- بەرهەمی جان ئاپدایك)

ن: ماكان ئەنساری

و. لە فارسییەوە: كامیل نەجاری

تیرۆریست ناوی دوایین رۆمانی جان ئاپدایك*، نوسەری بەناوبانگی ئەمریكییە. كتێبێك لە 310 لاپەڕە دا كە لە ساڵی 2006 لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی ئالفرێد- ئی- ناف، چاپ كراوە.

چیرۆكی رۆمانەكە لە مەڕ "ئەحمەد ئەشماوی مالوی" مێردمنداڵێكی 18 ساڵەیە كە لە نیوجێرسیی باكوور دەژی. ئەحمەد منداڵی دایكێكی ئیرلەندی-ئەمریكی و باوكێكی بە رەگەز میسرییە. باوكێك كە كاتێك كە ئەحمەد تەمەنی سێ ساڵ بووە، بنەماڵەكەی بەجێ هێشتووە و لە شوێنێكی نادیار بزر بووە. ئەحمەد لە تەمەنی یازدە ساڵی دا بڕوای بە ئایینی ئیسلام هێناوە. ئەو قەبووڵ كردنی ئایینە لە راستیدا رێگایەكە كە ئەو بەرەو دۆزینەوەی شوناسی دەروونیی خۆی گرتوویەتە بەر، رێگایەكە كە بە شێوەیەك ئەو بە باوكە میسرییە نادیار و موسوڵمانەكەیەوە دەبەستێتەوە.

پاش ماوەیەك ئەحمەد گوێ دەداتە رێنمایی شێخ رەشید. ئیمامێكی یەمەنی كە باسی قورئانی بۆ دەكا و هێور هێور تێگەیشتنی خۆی لە ئیسلام دەخاتە ناو مێشكییەوە. ئیسلامێك كە وەك رێگای راست ناوزەدی دەكات و هەموو دەركەوتەكانی دنیای دەوروبەری ئەحمەد وەك شەیتانگەلێك دەبینێ كە خولیای رافاندنی دینی ئەویان لە سەردایە. ئەو رێگا راستە بۆ ئەحمەد شتێكە كە ئەو لە بەرامبەر جیهانێكی لێوڕێژ لە ناپاكی و خراپە دا دەپارێزێ و لە گوناه دووری دەكاتەوە.

بە رێنوێنیی رەشید ئەحمەد دەبێتە شۆفیری بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند بە ناوی چێهاب .(CHEHAB)ئەحمەد لەگەڵ كوڕی لاوی ئەو بنەماڵەیە دەبێتە برادەر. كوڕێك بە ناوی چارلی كە لە كەسایەتیی سەیری ئەو دا حەزێكی هاوكات بۆ بزر بوون لە ناو پرۆسەی سروشتیی كۆمەڵگای ئەمریكی لە لایەك و جۆرێك لە زێدەڕۆیی ئیسلامی لە لایەكی ترەوە رەنگدانەوەی هەیە و لە دوایین بەشی كتێبەكە دا بە تیروتەسەلی دەكەوێتە بەر لێكۆڵینەوە.

لەو رۆمانە دا ئەحمەد بە ناچار بەرەو رێگایەك رادەكێشرێ كە بە وتەی خۆی، شەهیدێكی لێ ساز دەكات. رێگایەك كە مەجبووری دەكا كە وەك شۆفیری بنەماڵەی چێهاب، پشتوێنی مینڕێژ كراو لە خۆی ببەستێ و بچێتە ناو تونێلی لینكۆڵنەوە.

## سنوورە نادیارەكان

ئاپدایك لە رۆمانەكەی دا، كەسایەتییەكی كارتێكەر و جێگای رەزامەندیی لە ئەحمەد دروست كردووە. ئەو خوێنەرەكانی دەباتەی ناو جیهانی زەینیی ئەحمەدەوە و لەو رێگایەوە هەوڵ دەدا

کە لە روکارێکی ترەوە چەمکی ماتریالیسمی رۆژئاوایی و ئەخلاق خوازیی مەعنەوی، لە روانگەی ئەواندا بخوڵقێنێتەوە. ئەحمەدی ناو رۆمانی ئاپدایك، لە زۆربەی بارودۆخەکان دا، بیرمەندترین و ئەخلاقی ترین کەسایەتیی رۆمانەکەیە و دەرکی ئەو راستییە کە ئەو بە هەموو ناسکی و وردبینی خۆیەوە، گرفتاری جۆرێك لە فەندەمێنتالیزمی زێدەرۆیانە بووە، ئازاردەر و پەژارەهێنەرە. هەڵگەرانەوەی دەروونیی ئەحمەد، وەها بە هێز لە گشتایەتیی دەق دا تێکچنراوە، کە هەڵگەران و نائارامیی زەینیی ئەو بەرە بەرە بۆ خوێنەریش دەگوازرێتەوە و خوێنەر، لە جۆرێك لە ئازاری مەعنەوی دا شەریك دەکات.

ئاپدایك لەو رۆمانە دا پێشان دەدا کە لە پاش یازدەی سێپتامبەر، ژیان چەندە بەرەو پێش دەچێ، کۆمەڵگای ئەمریکا زیاتر و زیاتر دەچێتە ناو سنوورێکی نادیارەوە. سنوورێکی پڕ لە بەدگومانی و بێ ئەخلاقی لەگەڵ نەوانی ئەو بایەخانەی کە بە پێی ئەو پێناسەیەی کە بەر لەو روداوە بۆیان دەکرا، بە ئەخلاقی دەهاتنە ئەژمار. ئەو بەدگومانییە چینایەتییە لە روانگەی ئاپدایکەوە، دزەی کردۆتە ناو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا و پێناسەگەلێکی نوێی بۆ کەلتوور و ئەخلاق دروست کردووە.

جان ئاپدایك بە دەست رەنگینییەکی تەواو لە رۆمانەکەی دا کەڵکی لەو ناوئاخنانە وەرگرتووە. ئەو رۆمانە بە شێوەیەك، دەروون شیکاریی زەینی مێردمنداڵێکە کە بە شوێن شوناسی خۆی دا، پێ دەنێتە ناو جیهانێکی نوێ کە لێوڕێژە لە توند و تیژی و تێگەیشتنی هەڵە و لە لایەکی ترەوە پێشاندەری بۆشاییەکە کە لە نێوان کۆمەڵگای راستەقینەی ئەمریکا و دوورەدیمەنی فریودەرانەی ئەو دا هەیە .

## ئایین، کەڵکەڵەیەکی هەمیشەیی

بوونی نادیار بەڵام هەمیشە ئامادەی رووداوی یازدەی سێپتامبەر لە سەرجەم لاپەڕەکانی ئەو رۆمانە دا، وەبیر هێنەری کەڵکەڵەی هەمیشەیی ئاپدایك لە ناو بەرهەمەکانی دایە. کەڵکەڵەیەك بە ناوی ئایین کە ئەوجار دەبێتە بیانوویەك بۆ خوڵقاندنی رووداوێکی دڵتەزێن. ئاپدایك لەو رۆمانە دا بۆ بەڵگەمەند کردنی لایەنی ئایینیی بەرهەمەکەی، لە دەقی عەرەبیی قورئانیش کەڵکی وەرگرتووە. کردەوەیەك کە بە بونی ئەو کێشەگەلەی کە ئێستا لە نێوان کۆمەڵی موسوڵمانان و رۆژئاوا دا هەیە، تا رادەیەك ئازایانە دێتە بەر چاو. هەڵبەت بە بۆچوونی خۆی، وەها کەڵك وەرگرتنێك، ئەزموونێکی جوان بوە کە قەت لەبیر ناچێتەوە: ویژدانم هانی دەدام، چونکە خەریك بووم شتێکم دەخستە ناو کتێبەکەوە کە خۆم نەمدەتوانی بیخوێنمەوە. زمانی عەرەبی پێچ و پەنای زۆرە و گەلێك جوانە. کاتێك کە ستایشکەران بانگ دەکات، لە بیر ناکرێ، هەر زۆر زوو بڕوای پێ دەهێنی. هەستی من ئەوە بوو کە ئەوە زمانی خودایە. و لە راستیدا ئەگەر ئێوە لە ماناکەی تێناگەن لە بەر ئەوەیە کە خوداتان بە باشی نەناسیوە.

ئەمریکای ناو رۆمانی ئاپدایك، شێنێکی نامۆ و ناواقیعی نییە. بەڵام شوێنێکە کە لە ناو جۆرێك لە بۆشایی ئەخلاقی و رەت کردنەوەیەکی مەعنەوی دا نوقم بووە .

بێگومان رۆمانی تیرۆریست، یەکێك لە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە ئەمریکییەیە. رۆمانێك کە رووکارێکی چەند لایەنی و مەنشوورئاسا لە تواناییەکانی ئاپدایك لە

بواری نووسین دا پێشان دەدات. تیرۆریست ئەگەرچی بۆ خوێنەر کتێبێکی قورسە و گەلاڵەیەکی پێچەڵاوپێچی هەیە کە درەنگ خۆ بە دەستەوە دەدا، بەلام لە بواری رادەی فرۆشتنی دا، بە سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەو نووسەرە دێتە ئەژمار.

ئەو رۆمانە بە پێچەوانە کتێبی "بەرەو کۆتایی زەمان"ی ئەو نووسەرە، پێکهاتوویەك (ترکیب) لە سیمبۆلیسم و سوررێئالیسمی تەلیسماوی نییە. بەڵکو ئاپدایك بە دوور کەوتنەوە لەو فەزایانە، بەرەو خولقاندنی کەسایەتی گەلێك رۆیشتووە کە هەموویان لە شارێکی راستەقینە دا دەژین و بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە راستەقینەن و پەسند هەڵگرن.

*ئەو تارە بەر لە بڵاو بوونەوەی دایین رۆمانی ئاپدایك بە ناوی "ژیانی گوندی" نوسراوە. (وەرگێڕ)

*************